# عەموویی: یان فیدرالیزم یان لێکترازان

## ـ دیمانەیەک لە گەڵ کۆنترین زیندانی سیاسی ئێران و جیهان ـ

**ئامادە کردنی: هادی محەمەدی**
Haval831@yahoo.com

**پێناسە:**

**محەمەد عەلی عەموویی لە شاری کرماشان لەدایک بووە، لە دەیەی ١٣٢٠ تێکەل بە حیزبی تودەی ئێران دەبێ، ساڵی ١٣٣٢ پاش روخانی دەوڵەتی نەتەوەیی دۆکتۆر موسەددیق و قەدەغەکردنی چالاکی سیاسی حیزبی تودە لەلایەن ساواکەوە وەک یەکێ لە ئەفسەرانی حیزبی تودە دەستگیر دەکرێ. سەرەتا حوکمی ئیعدام و پاشان حوکمی زیندانی تاهەتایی بۆ دەردەچێ. ساڵی ١٣٥٧ بەهۆی گرژبوونی دۆخی گشتی حکومەتی شا، پاش ٢٥ سال زیندان، ئازاد دکرێ. چوار ساڵ دواتر، ساڵی١٣٦١ پاش داخستنی فەزای سیاسی گشتی وڵات، عەمویی وەک یەکێ لە رێبەرانی حیزبی تودەی ئێران، سەرلەنوێ دەسبەسەر و زیندانی دەکرێ. پاش ١٢ ساڵ زیندان ساڵی ١٣٧٣ ئازاد دەبێ. یانی لەسەریەک عەمویی ٣٧ سال زیندانی کێشاوە. ٣٧ ساڵ زیندان و لەخۆرامان کەسێتیەکی قوول و نەستوو و خۆراگری خولقاندووە کە چیای بێستوونمان بیردەخاتەوە. لە وڵامی پرسیارێک دا لەمەر جیاوازیەکێنی زیندانی حکومەتی شا و حکومەتی ئیسلامی دەڵێ: "مرۆڤ لە زیندانی شادا ئازاد بوو، بەڵام لە زیندانی حکومەتی ئیسلامی دا مرۆڤ لە زیندانیش دا زیندانی بوو!"**

**ساڵی ١٣٧٧ کتێبی "دۆردی زەمانە" (بیرەوەریەکێنی محەمەد عەلی عەمویی) بڵاوکرایەوە و تا ئێستا چاپی چوارمی تێپەراندووە. ئەم کتێبە بیرەوەری ٢٥ ساڵ زیندانی سەردەمی شا دەگێرێتەوە و باسی بارودۆخ و دانوستانی سیاسی فکری گرووپە چەپ و راستەکانی زیندانی شا دەکا و زۆر ئەزموونی گرنگ پربایەخی تێدایە.**



**بۆ ئاشنایی زیاتر و بە مەبەستی دیالۆگ لەگەڵ محەمەد عەلی عەموویی، بەهاری ساڵی ١٣٨١ لە تاران گفتوگۆیەکمان لە گەڵی پێکهێنا، عەمویی بە رووی گەش و بە دڵێکی ئاوەڵاوە وەری گرتین و بەشێوەی دۆستانە وڵامی پرسیارەکانی داینەوە. بەڵام هەر لە سەرەتای دیدارەکەدا گوتی ساڵی پار رۆژنامەنوسێکی خەڵکی زەنجان لەگەڵم گفتوگۆیەکی پێکهێنا، کەچی کاتێ گەرایەوە لەلایەن حکومەتەوە گیرا و زیندانی کرا، ئایا ئێوە کێشەتان بۆ ساز نابێت؟ من ئەو جار ئەم وتەیەم بە جدی وەرنەگرت، بەڵام پاش گەرانەوە دوای چەند مانگێک لەلایەن حکومەتەوە گیرام و یەکێ لە بابەتی لێپرسینەوەکانیش ئەوە بوو کە بۆچی لەگەڵ عەمویی گفتوگۆت کردووە؟ بەهەر حاڵ، کاتێ ئازاد کرام زانیم کە لەماڵەوە کاسێتی گفتوگۆکەیان لەگەڵ هەندێ کتێب و نووسراوە سووتاندووە. بەڵام بەخۆشیەوە نوسخەیەکی دیکەی لە لای یەکێ لە دۆستان پارێزرا بوو. بەکورتی ئەو گفتوگۆیە پاش 5 ساڵ بڵاو دەکرێتەوە، هیوادارم بۆ خوێنەران بەسوود بێت.**

### هۆی چی بوو کە کتێبەکەتان بە "دۆردی زەمانە" ناودێرکرد، ئایا بیرەوەری ١٢ ساڵەی زیندانی کۆماری ئیسلامیت نوسیوە؟

زۆر خۆشحاڵم کە لە نزیکەوەی لەگەڵ هاورێیانی کوردم ئاشنا دەبم، بەداخەوە سەردەمی درێژی زیندان پێوەندی منی لەگەڵ هاورێیانم چ کورد، چ تورک، چ فارس، یانی خەڵکی وڵاتی فرەنەتەوەی ئێران پچراند، کاتێ کە **٣٧** ساڵ لە تەمەنی مرۆڤ لە زیندان دا و بە دوور لە پێوەندی کۆمەڵایەتی تێپەردەبێ، باشترین دەرفەتی پێوەندی و گواستنەوەی ئەزموونەکان دەفەوتێ. بەڵام سەرەرای ئەمەش ئێستا ئەگەر تەمەن مەودا بدات، بە غەنیمەتی دەزانین و لەسەر ئەزموونەکان دیالۆگ دەکەین. بەو هیوایە کە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ئێمە رێگەچارەیەک بێت بۆ چارەسەری کێشەکانی گەلانی وڵاتەکەمان.

لەمەر ناودێرکردنی "دۆردی زەمانە"، راستیەکەی ئەوەیە کە من لەکاتی نوسینەوەی بیرەوەریەکێنم دا مەبەستم ئەو ژان و ئازارانە بوو کە بە درێژەی **٢٥** ساڵ زیندانی سەردەمی شا چ خۆم و چ خەباتگێرانی تر چێشتبوومان. هەر بەمهۆیە سەرەتا دەستەواژەی "ژانی دەوران"م هەڵبژارد، بەڵام لە کاتی نووسینی بیرەوەریەکاندا چەند دیمەنێک دەخولقا، زنجیرەی رۆژ و مانگ و ساڵەکان لە نوکی خامەکەم رەوان دەبوو کە

بە هیچ شێوەیەک ژان نەبوو، ڕەنج نەبوو، بەڵکوو شادی بوو، تەنانەت خاوەن وەها تایبەتمەندیەکی شادی خولقین بوو کە ئەو سەردەمە تەنانەت لە دەرەوەی زیندانیش وەها شتێک نەبوو. بۆ وێنە لە زیندانی ئەو سەردەمەدا بەتایبەت لە دەیەی چل دا، ئێمە بارودۆخێکمان هەبوو کە بە باشی دەمانتوانی چەندین کلاسی پەروەردە و فێرکاری پێکبێنین، ئەو لاوانەی کە لە دەرەوەی زیندان کتێب و نامیلکەی باشیان دەست نەدەکەوت لە زیندان دەیانتوانی لەم کلاسانە بەهرەمەندبن. وەها دەرفەتێکمان هەبوو کە لە ئاسایش و ڕفا بەهرەمەند بووین، هەموو ئەم شتانە بوونە هۆی ئەوە کە لە عنوانی "ژانی دەوران" پەشیمان ببمەوە و بۆ دەستەواژەیەک بگەڕێم کە سەرەڕای ڕەنج و ئازارەکان، خۆشی و شادیەکانیش بەیان بکات، دەسکەوت و ئەزموونەکانیش دەربخات، کەوابوو ژانی دەورانم گۆڕی بۆ "دەردی زەمانە". یانی پوختە و شیلەی ئەزموون و ڕوداوەکان کۆبۆتەوە و لە کۆتایی ئەم ٢٥ ساڵەدا لەم کتێبەدا بڵاوبۆتەوە.
بەڵام لەمەڕ ١٢ ساڵ زیندانی کۆماری ئیسلامی، من پێم وایە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە دەتوانێ زۆر سودمەندبێت و بۆ بەرەکانی داهاتوو ئاوێنەیەک بێت کە مێژووی ئەم سەردەمە بنوێنآ، بەداخەوە هەتا ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە، هیوادارم ئەگەر تەمەنێک مابێت، بتوانم ئەم بیرەوەریانە بنووسمەوە.

**ئەگەر سێ بنەمای دەوڵەتی مۆدێرن بە دیموکراسی و ناسیونالیزم و تکنۆلۆژی بزانین دەبینین کە هێشتا لە ئێران دەوڵەتی مۆدێرن پێکنەهاتووە، رای ئێوە چییە؟**

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بە کرچ و کاڵی و ناتەواوی ماوەتەوە، چ لە شۆڕشی مەشروتەدا، چ لە بزاقی نەتەوەیی مێدق دا و چ لە شۆڕشی 1357دا. ئەو ئاڵۆگۆڕە نەرم و نیانە کە لەم سێ بڕگەیەدا ڕوویانداوە هەمیشە ناتەواو و ناکام بوون و سەرئەنجام بە سەرکەوتن نەگەیشتوون. ئەگەر گۆڕانێک پێکهاتووە زیاتر گۆڕانی فۆرمی و ڕواڵەتی بووە و گۆڕانی قوول و مانایی ڕووی نەداوە. بۆ وێنە دەبینین کە شۆڕشی مەشروتە سەردەگرێ و بۆ یەکەم جار وڵاتەکەمان دەبێتە خاوەن یاسا و دەستور و لەو دەستورەدا بۆ یەکەم جار مافی تاک و کۆمەڵگا بە ڕەسمی دەناسرێ و "دەوڵەت نەتەوە" شکڵ دەگرێ و تاکەکان ئیدی کۆیلە نین، بەڵکوو دەبنە شارۆمەند، بەڵام هەموو ئەم شتانە ڕواڵەتی و فۆرماڵیتەن و هەر لەسەر کاغەز ماونەتەوە. یان ئەگەر بەشی سێهەمی دەستوری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوبگرین، دەبینین کە بە ناوی مافەکانی خەڵک دەس پێدەکا و هەموو مادەکانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو مافەکانی شارۆمەندی تێدا گونجێندریۆە، بەڵام لە پراتیکدا تا ئێستا هیچیان ڕەچاو نەکراوە. بۆ وێنە لە مادەی یەک دا دەڵێ ناکرێ بە بێ بەڵگەی قازی هیچ کەس زیندانی بکرێ، نابێ بۆ ماوەیەکی زۆر بلاتەکلیف ڕابگیردرێ، نابێ بە بێ هەبوونی پارێزەر دادگایی بکرێ، ئەگەر بە تاوانی سیاسی کەسێک دادگایی دەکرێت، دەبێ سەرەڕای قازی و پارێزەر و داواکاری گشتی، لیژنەی داوەرییش ئامادە بێ و بەشداری بکات.
دەبێ لێپرسینەوە بەتەواوی بەدەور لە هەرچەشنە زەخت و ئەشکەنجەیەک بێت. تەنانەت دەڵێ ئەگەر سیستمی دادوەری کەسێک ئەشکەنجە بدات، خۆی تاوانبارە و دەبێ دادگایی بکرێ و سزا بدرێت. زۆر مادەی پێشکەوتنخوازانەی لەم چەشنەی تێدایە، بەڵام بەتەواوی فەرامۆش کراون. جگە لەمەش نوێنەرانی خەڵک لە پارلمان زۆر گەڵاڵە پەسەند دەکەن بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە پراکتیزە ناکرێت. ئەڵبەت لە دەستوری کۆماری

ئیسلامیدا هاتووە کە دەبێ گەڵاڵە پەسەند کراوەکانی پارلمان لەلایەن شۆرای نگابانەوە پەسەند بکرێت، بەڵام ئاستی دەسەڵاتی شۆرای نگابانیش هەر لەم دەستورەدا دیاری کراوە. کەچی دەبینین هەموو ئەو گەڵالانەی کە خزمەت بە گەشەی ئابووری سیاسی و کولتوری وڵاتەکەمان دەکەن لەلایەن ئەم شورایەوە ڤیتۆ دەکرێن. کەوابوو بەڕای من ئەگەرچی هەم لە شۆرشی مەشروتەدا و هەم لە شۆڕشی ٥٧ دا ئێمە لە دەستوری وڵاتەکەماندا زۆر دەسکەوتمان دەستەبەرکرد، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە زۆر لەمپەریان بۆ دروست کراو بەمجۆرە مافە سروشتی و مەدەنیەکێنی خەڵک پێشێل کران. لە سەردەمی شادا ئیرادەی شەخسی هۆمایونی بڕیارەکانی پارلمانی هەڵدەوەشاندەوە و ئێستاش شورای نگابان ئەم کارە دەکات.

**هەروەک دەزانین پێکهاتەی جوغرافیای سروشتی وڵاتی ئێران جۆراوجۆر و فرەچەشنیە رەنگە هەر ئەم تایبەتمەندیە پێکهاتەی کولتوری کۆمەڵایەتی فرەچەشنی خولقاندووە، بەجۆرێک کە لەهەر هەرێمێک دا زمان و کلتور و نەتەوەیەکی جیاواز دەژی، تا جێگایەک کە ئەمرۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکانی ئێران کێشەیەکی بنەڕەتیە، تا ئێستا سیستمە سانترالەکان کارامە نەبوون و نین، بەڕێزتان بۆ چارەسەری ئەم پرسە چ بەرنامە و ستراتژیک بە شیاو دەزانن؟**

راستیەکەی ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە مێژوو و جوغرافیای تایبەت بەخۆی هەیە، چەندین قەومی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا بەدرێژایی مێژوو ژیاون، هەندێ لەم قەومانە کوچەرانێکن کە لە رابردوویەکی دورەوە هاتوونەتە ئەم وڵاتە و نیشتەجآێ بوون، پێکهاتەی قەومی ئێران بەناچار ئەم وڵاتەی وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە ئاراستەکردووە. کاتی کە باسی قەومەکان و وڵاتێکی فرەنەتەوە دەکرێت، زۆر رۆشنە کە زمانەکان، کولتورەکان و تەنانەت چەندین نەریت و چەندین ئاینی تایبەت لەئارادایە. ئەوە کە کام نەتەوە و کام ئاین و کام کولتور باڵادەست بێ و بە وتەی ئێوە سەنتەر پێکبێنآ، هەرچەندە لەڕووی رێژەوە ئاستێکی باڵای هەبێت، نابێ مافی نەتەوەکانی تر پێشێل بکات. پرسی مافی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران، یەکێ لە کێشە مێژوویەکێنی وڵاتی ئێمەیە. لە درێژەی خەباتی خەڵکی ئێراندا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادیەکێنیان نەتەوە بندەستەکان ستەم و چەوسانەوەی دوقاتیان چێشتووە. حیزبە نەتەوەیەکێنیش لە درێژەی خەباتدا گرنگی تایبەتیان بە مافی نەتەایەتی داوە. ئەوە کە ئەو نەتەوانەی ئێران کە زمانیان فارسی نیە ناچار دەکرێن بەم زمانە بخوێنن و بنووسن و کار و باریان راپەڕێنن، ستەمێکی قورس و نارەوایە. چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پرسێکی سووک و ئاسان نیە، ناکرێ بە سادەیی بڵێین نەتەوەکان زمان و کولتوری خۆیان هەبآ و بە مافەکانیان بگەن.

لەم بابەتەوە لە دنیادا ئەزموونی جۆراوجۆرمان هەیە، چەندین وڵاتی فرەنەتەوە هەبوون و چەندین پلان و بەرنامەی جۆراوجۆریان پێڕەو کردووە کە تا ڕادەیەکی زۆر ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی چارەسەر کردووە. زۆر جار بە ستراتژی دوو زمانی کردنی هەرێمەکان ئەم پرسەیان حەل کردووە. بۆ نموونە لە وڵاتی ئێراندا کە زمانی فارسی زمانی رەسمی هەموو وڵاتە، دەکرێ لە کوردستان زمانی کوردیش رەسمی بآ و منداڵانی کورد سەرەتا بە زمانی کوردی دەرسەکان بخوێنن و پاشان لەگەڵ زمانی فارسیش ئاشنا بکرێن، لە ئازەربایجان و بەلوچستان و تورکمەنستان و... بەهەمان شێوە. ئەوە کە لە وڵاتی ئێران تەنانەت پێشکەوتوخوازترین دەوڵەتەکانیش کێشەی نەتەوەکانیان چارەسەر نەکردووە، مەترسی لێکترازان و لێکهەڵوشانی ئێرانی زیاتر کردووە. بەتایبەت لە وڵاتی ئێمەدا کە پارێزگا سنوریەکێنی لە نەتەوە جیاوازەکان

پێکهاتووه و له وڵاتی درێوسێمان هەمان نەتەوە خاوەن سەربەخۆییە  و بە مافەکانی گەیشتووە. من پێم وایە پرسی نەتەوەکان پرسێکی هەستیارە  و سەنتەر دەبێ سەرنجی پێبدات، ئەگینا ستەمی چەند قات ویست  و خواستی جیایی خوازی زیاتر دەکات.

**راتان لەمەڕ سیستمێکی فیدراڵ چییە؟**

من پێم وایە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێراندا بەناچار رێگەی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی هەموو نەتەوەکان  و دابینکردنی مافی هەموو گەلانی ئێران، پێکهێنانی سیستمێکی فیدراڵە. بێگومان ئەگەر وەها سیستمێک پێکبێت  و هەموو گەلانی ئێران بە مافی سروشتی  و مافی مەدەنی خۆیان بگەن، نە تەنیا مەترسی جیابوونەوە لەنێو دەچێ، بەڵکوو هاودڵی  و هاوپشتی نەتەوەکان تۆکمەتر دەبێ  و باشتر لە یەک تێدەگەن. من پێم وایە بە درێژایی مێژوو پێوەندی ئابووری  و کۆمەڵایەتی ئەم نەتەوانە ئەوەندە قوول و تۆکمە بووە کە جیابوونەوەیان بە زیانیان تەواو دەبێ. کەوابوو باشتر وایە کە وەها دەرفەتێک بڕەخسێنین کە هەموو نەتەوەکان بە مافی خۆیان بگەن  و خۆیان بە خاوەن وڵات بزانن.

**با بگەڕینەوە بۆ باس لەمەڕ حیزبی تودە، هەر وەک لە بیرەوەرییەکێنی کیانوری  و ئیرەج ئەسکەندەری دا دەردەکەوێ، لە حیزبی تودەدا دوو بال هەبووە، باڵی ئەسکەندەری نەتەوەگەرا بووە  و گرنگی بە سەربەخۆیی حیزب داوە، بەڵام باڵی کامبەخش . کیانوری زیاتر پێڕەو  و پاشکۆی براگەورە (سۆڤیەت) بووە، رای جەنابت چییە؟**

لەمەڕ مێژووی حیزب  و رێبەرانی بەرجەستەی لەوانە کیانوری  و ئەسکەندەری قسە  و باسی زۆر کراوە  و شتی زۆر نوسراوە. بەڵام زۆرێک لەم وتانە لایەنگرانە  و دوژمنکارانەن، هەروەها بیرەوەرییەکانی کیانوری  و ئەسکەندەریش لەم شتە بەدەر نین، بەڵام پرسیارەکەی ئێوە بنەمای واقعی هەیە، راستیەکەی ئەوەیە کە لە هەموو حیزبەکاندا  و لەوانە لە حیزبی تودەشدا، ئەگەرچی ستراتژێکی رەسمی رادەگەیەنرێ  و بەپێی ئەو کاردەکرێ، بەڵام زۆرجار بیر  و ڕای جیاواز لە حیزبەکاندا هەیە. ئەوەی کە بە روانگەی رەسمی پێناسەدەکرێت، ئەوە رای زۆرینەی رێبەری حیزبە کە وەک روانگەی رەسمی کاری پێدەکرێت. هەر وەک ئاماژەتان پێکرد لە بیرەوەرییەکێنی ئەسکەندەری  و کیانوری دا ئەم جیاوازیانە بەدی دەکرێ، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە ئەم بیرەورییانە بەشێوەی زانستی  و ریالیستی نەنوسراون  و زۆر جار لەگەڵ یەکتر رکەبەرایەتی دەکەن  و تۆڵە لە یەکتر دەستێننەوە. بیرەوەرییەکێنی ئەسکەندەری زیاتر جێگای شک  و گومانە، چونکە لە پاش مەرگی خۆی لەلایەن کەسانی ترەوە رێکخراوە  و چاپکراوە. ئەڵبەت ئەم کەسانە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە کاسێتی وتەکانی ئەسکەندەرییان لە لایە، زۆر بابەتی ئەم کتێبە جێگای گومانە، راستە ئیرەج زۆر روانگەی جیاوازی هەبوو، بۆ نمونە ئەو لایەنگری ئەوە بوو کە حیزبی تودە حیزبێکی ئەنترناسیۆنالیستی بێت  و لەگەڵ حیزبە چەپەکانی دنیا  و لەوانە حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت پێوەندی هەبێت، بەڵام لەمەڕ ستراتژی نێوخۆیی حیزب  و پێوەندی لەگەڵ هێزە نەتەوەیەکێن چەند روانگەیەکی هەبوو، بەڵام کاتی بزاڤی نەتەوی ئەم روانگەیە یەکەم جار لەلایەن ئەسکەندەریەوە باس نەکرا، بەڵکوو دوکتور فروتەن هێنایە ئاراوە. بەڵام لەمەڕ بیرەوەرییەکێنی دۆکتۆر کیانوری خاڵێک جێگای سەرنجە، یانی پێویستە بزانین کە ئەم کتێبە لە بارودۆخێکی تایبەت دا نوسراوە، لە زیندان نوسراوە  و بۆنی زیندانی پێوەیە.

کەوابوو نابێ بەتەواوی لە بەڵگاندندا پشتی پێ ببەستین. تا جێگایەک کە من کیانوری بناسم، ئەو خوازیاری پێوەندیەکی دۆستانە و برایانە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بوو.

**هەندێ لە کارناسان هۆکاری تێکڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت بە بازدان لە دیسپۆتیزمی تیزارییەوە بۆ دیسپۆتیزمی ستالینی دەزانن، هەروەها هەندێ کەس وەک هوشنگ ماهرویان پێیان وایە ئەم وڵاتە لە فۆرماسیۆنی فیۆدالیەوە بازی داوە بۆ سەرمایەداری دەوڵەتی و دیموکراسی ئەزموون نەکردووە. بەڕای جەنابت ئەم فاکتانە چەندە گرنگن؟**

لێکدانەوەی داڕوخانی وڵاتانی بلوکی رۆژهەڵات و بەتایبەت یەکێتی سۆڤیەت زۆر هۆکاری فراوانی هەیە و پێویستی بە تۆژینەوەیەکی تێر و تەسەل هەیە. راستیەکەی ئەوەیە کە شۆڕشی ئوکتوبری ١٩١٧ ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە وڵاتی روسیا پێکهێنا، ئەگەرچی لە یەکەم ساڵەکانی ئەم شۆڕشەدا لەلایەن وڵاتانی نەیارەوە هێرشی کرایەسەر و هەروەها تووشی شەڕەی ناوخۆیی هات، بەڵام رەوتی پێکهاتنی سۆسیالیزم سەرەڕای هەموو لاوازیەکێنی زۆر دەسکەوتی گرنگی بەدواوە بوو. لە وڵاتێکی دواکەوتووی وەک روسیا پاش نیوسەدە وڵاتێک خولقا کە لە زۆر بواری ئابوری سیاسی کولتوری و کۆمەڵایەتیەوە لە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بوو. بەڵام راستە زۆر ئاستەنگ لە بەردەم گەشەی سۆسیالیزمی سۆڤیەت دا پێکهات، وەک دیکتاتۆری و سەرەرۆیی ستالینی کە دیموکراسی سۆسیالیستی مراند، دیموکراسیەک کە توخمێکی جیانەکراوەی سۆسیالیزمە، هەر ئەمەش زۆر ئاکامی نالەباری بەدواوە بوو. ئەوە کە زۆر جار باسی دیموکراسی لیبراڵ دەکرێ و مودیلی ئەمریکا و ئەورووپا و بەتایبەت وڵاتانی سکاندیناڤی بە نموونە دێننەوە، ئەمە ئەزموونێکی مێژووییە کە پاش شۆڕشی سەنعەتی بە درێژایی پرۆسەیەکی ٣٠٠ ساڵە پێکهاتووە و شۆڕشی بۆرژوازی هەموو تواناکانی بەکارهێناوە تا توانیویە بەم دەسکەوتە بگات. ئەگەر سەیری سەدەیەک پێشتر بکەین دەبینین بارودۆخێکی زۆر نالەبارتر لەئارادا بووە. بۆ وێنە کاتی مارکس مانیفێست دەنووسی و باسی بارودۆخی کرێکارانی بریتانیا دەکات، چەوسانەوە لەوپەڕی خۆی دایە و مافەکانی چینی کرێکار بە خەستی پێشێل دەکرێت. بێگومان دیموکراسی سۆسیالیستی دەبێ دیموکراسیەکی هەمەلایەنە بێ و لە هەموو بوارێکەوە لە دیموکراسی بورژوازیی سەرتر بێت. ترس و توقاندن و هەڕەشەی وڵاتانی ئەمپریالیستی و هەروەها روانگەی سەرەرۆیانەی سەردەمی ستالین تا رادەیەکی بەرین مافەکانی خەڵکی زەوت کرد و ئازادی بەیان و بیر وڕای قەدەغەکرد. هەر ئەمەش تا رادەیەکی زۆر پۆتانسیەل و توانایی سیستمی سۆسیالیستی لەنێوبرد.
بێگومان تەنیا فاکتەرە دەرەکیەکان هۆکاری روخانی سۆڤیەت نەبوون. بۆ نموونە وڵاتانی بورژوازی بۆ دروستکردنی چەک و چۆڵی سەربازی زۆرێک لە سەرمایەکێنیان خەرج دەکرد یەکێتی سۆڤیەتیش لەگەڵ ئەوان رکەبەر بوو و زۆرێک لە وزە و تواناکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد. هەر بەمهۆیە لەجیاتی گرنگی دان بە رفا و ئاسایشی خەڵک و خزمەتگوزاری و پشکاندنی بەها و مانا ئینسانیەکان، زۆربەی وزە و هێزی خۆی لەپێناو ئابووری و سەربازی بەکارهێنا و بەمجۆرە باری ژیان و گوزەرانی گشتی نالەبارتر بوو. سەرەڕای ئەمەش زۆر هەنگاوی بەکەڵکی هەڵێنا، خوێندنی بەلاش تا ئاستی خوێندنی باڵا، تەنانە پوڵی باخەڵی قوتابیانیشی دابین دەکرد، هەروەها بێهداشت و دەرمانی بەلاشی بۆ هەموان دابین دەکرد. نابێ لەبیرمان بچآ کە پرسی دەسەڵاتداری حیزبێک و بوونی بە حیزبی دەوڵەتی و بەدەستەوەگرتنی پۆستەکانی دەوڵەت لەلایەن کاربەدەستانی حیزبیەوە، گۆڕینی بەرپرسایەتی حیزبی بۆ پۆستی سیاسی و دەوڵەتی،

بەتایبەت ئەگەر وڵاتێک تەنیا حیزبێکی هەبێ و ئەو حیزبەش دەسەڵاتدار بێت، بەناچار سەرنجی هەموان رادەکێشی و خەڵک بەلێشاو رووی تێدەکەن. لەم کاتەدا هەموو هەلپەرستان و دەسەڵاتخوازان بە مێتۆدی ریاکارانە رێگای گەیشتن بە پۆست و مەقام هەموار دەکەن. جەنگی جیهانی دووهەم بەشێکی بەرچاو لە لاوان و خەباتگێڕانی سۆڤیەتی لەنێو برد.
وێرانیەکانی ئەم جەنگە تەنیا بە ئامار و ئەژمار بەیان ناکرێت، لەڕووی چۆنیەوە چ کەسانێک فەوتان و چ کەسانێک جێگای ئەوانیان گرتەوە، ئەمە خاڵێکی هەرە گرنگە، پرسی ۲۰ ملیۆن و چل ملیۆن مرۆڤ لە خۆیدا ئامارێکی بەرزە. بەڵام ئەوە کە چ کەسانێک لە رێگای ئامانج و نیشتماندا گیان فیدا دەکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە رێگای پۆست و مەقام هەموار دەکەن، جیاوازی بنەڕەتی هەیە. ئەمە خەسارێک بوو کە یەکێتی سۆڤیەتی گرتەوە. بەمهۆیە بوو کە لە دەیەی حەفتا بەملاوە دۆخی ئابووری بەرە و خراپبوون دەچآ و ئیتر گەشەی شازی وڵات لەنێو دەچێ تا رادەیەک کە ئیتر سیستم ناتوانێ وڵامی خواستەکانی خەڵک بداتەوە. لە وەها دۆخێکدا جۆرێک خەمساردی و بآدەربەستی هەموو کۆمەڵگا دادەگرێ و خەڵک لەگەڵ سیسم بێگانە دەبن. پێشتر ئەم سیستمە وەها خزمەتێکی بە خەڵک کردبوو کە وێنەی لە هیچ شوێنێکی دنیادا نەدەبینرا. بەڵام شارۆمەندان ئەم شتەیان بە ئەرکی دەوڵەت دەزانی و وەها پەروەردە نەکرابوون کە ئەرکی خۆیان لەئاست ئەم خزمە ئەنجام بدەن، یانی کاتێ دەوڵەت وەها خزمەتێک بەوان دەکات، دەبێ ئەوانیش بەجۆرێک وڵامی ئەم خزمەتە بدەنەوە. مەبەستم ئەوەیە کە سۆسیالیزم زۆر دەسکەوتی بۆ سۆڤیەت پێکهێنا، بەڵام مرۆڤی سۆسیالیستی نەخولقاند.
یەکێ لە هۆکارە بنەڕەتیەکان گۆڕینی شوراکان بۆ چەرخی پێنجەمی وڵات بوو. وەک دەزانین ناوی یەکێتی سۆڤیەت هەر لە سیستمی شوراییەوە گیراوە. ئەم سیستمە شوراییە لەلایەن لێنینەوە داهێنرا. ئەو پێی وابوو کە سیستمی شورایی تەنیا بە بەشداری زۆربەی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا و لە بڕیارەکان و لە دارشتنی پلانی سیاسی و لە پراکتیزەکردنی بڕیار و بەرنامەکان و سەرئەنجام لە نرخاندنی ئاکامەکانی ئەم بڕیار و پلانانەدا دەتوانآ کارامە بآ و گەشەی وڵات هەموار بکات. شوراکان ئامێر و دەزگای پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتە بوون. سەرنج بدەن لە وڵاتێکی بەرفراوانی وەک یەکێتی سۆڤیەتدا هەر لە گوند و شارۆچکەکانەوە بگرە تا شار و پارێزگا و کۆمارەکان سیستمی شورایی پێکدێت. ژمارەیەکی بەرین لە خەڵک لە پێکهاتەی شورایی دا بەشداری دەکەن و بڕیار دەدەن و لەسەر سادەترین پرسەکان تا ئالۆزترین پرسەکان (هەر لە کشت وکاڵ و ئاویاری زەمینەکانەوە تا دارشتنی سیاسەتی گشتی وڵات) ئالوگۆڕی بیر وڕا دەکەن. تا کاتێ کە شوراکان وەها دەورێکی ئەکتیڤی هەبوو زەمینەی دیموکراسی سۆسیالیستی هەموار دەبوو و گەشەی دەکرد، سیستمی شورایی تەنانەت ئاستەنگ و لاوازییەکێنی خۆی دەبینی و چارەسەری دەکرد. بەڵام وردە وردە شوراکان بوون بە چەرخی پێنجەم و حیزب جێگای ئەوانی گرتەوە، حیزبێک کە لە کەمینەیەکی خەڵک پێکهاتبوو و نوێنەری حەشیمەتی ۳۰۰ میلیۆنی سۆڤیەت نەبوو. حیزبێکی بەرتەسک کە خۆی بە نوێنەری ۳۰۰ ملیۆن دەزانآ هەر چەند کە نیازپاکیش بآ و مەبەستی خزمەت بە خەڵک و وڵات بێت، لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە سەرۆکی خەڵک و سیاسەتێکی سەرەڕۆیانە دەگرێتەبەر. یانی نە تەنیا مافی دیموکراتیکی خەڵک پێشێل دەکرێت، بەڵکوو پوتانسیەلی خەڵک و جڤات بە فیرۆ دەچآ

و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵک لەگەڵ حیزب نامۆتر دەبن. هۆکارەکان فراوانن، هەر وەک ئامازەم پێکرد هێزە ڕەسەن و دڵسۆز و کارامەکان لە درێژەی جەنگی جیهانی دووهەمەم دا لەنێو چوون و هێزە هەلپەرستەکان جێگای ئەوانی گرتەوە و بەرنامەی چەوت و هەڵە پێڕەو کرا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ حکومەت سەنترالتر بۆوە و تەنیا کەمینەیەکی بەرتەسک دەسەڵاتیان کونترۆلڕ دەکرد و زۆرینەی جەماوەر پەراوێز خرابوون.
سەرەڕای ئەم هۆکارە ناوخۆییانە، دەتوانین هۆکانی نێودەوڵەتیش باس بکەین. هەڕەشەکان، پیلانەکان، زەخت و گەمارۆکان... بەڵام من دڵنیام ئەگەر بارودۆخی ناوخۆیی شیاو و لەبار بێت، دەتوانێ هەموو زەخت و پیلانەکان پووچەلڕ بکاتەوە. بەڵام کاتێک کە بارودۆخی ناوخۆیی نالەبار بێت ئەوجار پیلانەکان سەردەکەون و کارەسات ڕوودەدات.

**چ پەیامێکتان بۆ گەلی کقرد و بەتایبەت خەڵکی کرماشان هەیە؟**

کرماشان هەمیشە بۆ من ئازیز و خۆشەویست بووە، پاش ٢٥ ساڵ زیندان کاتی ئازاد بووم لە پێشدا چووم و کرماشانم بینی. وەک دەزانن من سەردەمێکی درێژە لە کرماشان دابڕاوم و لە تارانم، یان چی بڵێم لە زیندانم. بەڵام هەمیشە دڵم لەگەڵ گەلەکەم بووە و ئارەزووی بەختەوەریم بۆی هەبووە و دڵنیام خەباتی گەلەکەمان هاوکات لەگەڵ خەباتی گەلانی تری وڵاتەکەمان لەپێناو ئازادی و یەکسانی و بەختەوەری بە سەرکەوتن دەگات.